نێچیرڤان بارزانی بۆ مانگرتووان: پەیام و داواکاریەکانیان بە تەواوی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان گەیشتوە و پشتگیریان لێدەکەین

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا داوا لەماموستایان و فەرمانبەرانی مانگرتو دەکات، لەچاوی باری تەندروستییان بکەن و دەست لە مانگرتن هەڵبگرن و راشیدەگەیەنێت، "پەیام و داواکاریەکانیان بە تەواوی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان گەیشتوە و پشتگیریان لێدەکەین".

نێچیرڤان بارزانی لەپەیامێکدا دەربارەی ماموستایان و فەرمانبەرانی مانگرتو باویکردەوە، "لە نزیکەوە چاودێری دۆخی ماموستایان و فەرمانبەرانی مانگرتو دەکەم کە ماوەی چەند هەڤڕکە لە سڵمانی بۆ داوای چارەسەرکردنی کێشەی موچە، مانیان لە خواردن گرتوە، چارەسەرکردنی کێشەی موچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان داوایەکی لەوایە و هەمومان پشتگیریی لێ دەکەین".

راشیگەیاندوە، "بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە لە سەرکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵکی زۆرمان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی داوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا خشبەختانە لە ئەنجامی گفتوگۆ و لێکگەیشتنی هەردولا و بە هاوکاریی لایەنە پەیوندیدارەکان، هەمواری یاسای

بودجەی گشتیی فیدراڵی پەسەند کرا و ئومێدی چارەسەری یەکجاریی پرسی موچە و شایستەی داراییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە".

ئەوەشیخستەڕوو، "پەیام و داواکاریی مامۆستایان و موچەخۆران بەگشتی، بە تەواوی بە لایەنەی پەیوەندیدارەکان گەیشتوە، بێیە داوایان لێ دەکەم هەچاوی باری تەندروستییان بکەن و دەست لە مانگرتن هەڵبگرن، هەمو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق".